# ڕووداو وەك ڕەگەزێكی دراما لە ژانری شیعردا(شیعری نوێی كوردی) بەنموونە

# الحدث كعنصر الدراما في الشعر ،الشعر (الكوردي الحديث) على سبيل المثال

# Event as An Element of Drama In Poem Kurdish Modern Poemsas An Example

**ئارام عمر علی[1]، فازیل مەجید محمود[2]**

[1] بەشی زانستە كۆمەڵایەتییە كان ،كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ،زانكۆی هەڵەبجە،شاری هەڵەبجە، هەرێمی كوردستان، عێراق

[2] بەشی زمانی كوردی ،كۆلێجی زمان ،زانكۆی سلێمانی،شاری سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail:aram.ali@uoh.edu.iq

## پوختە:

توێژینەوەكە بە ناونیشانی (ڕووداو وەك ڕەگەزێكی دراما لە ژانری شیعردا، (شیعری نوێی كوردی)بەنموونە) هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی زانیاری پێویست لە بارەی كاریگەربوونی هەردوو ژانری شیعرو دراما بەیەكتر بەتایبەت لە ڕێگەی ڕەگەزو توخمە هونەرییەكانیانەوە، جیا لە باسكردنی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییە بەهێزەی نێوان ئەو دوو ژانرە، ئاماژەدانە بە ڕایەڵەی پەیوەندییە مێژووییەكەی نێوان شیعرو دراما، لەوێوە بۆ ئەوە دەچین بە شێوەیەكی زانستی ئاماژە بۆ جۆری ئەوكاریگەرییە بكەین و ڕۆڵی ڕەگەزی ڕووداو وەك ڕەگەزێكی دراماي لەشیعردا بخەینەڕوو، ئەوەش دەستنیشانبكەین، كە ئەم ڕەگەزە لە گەشەسەندن و نوێبوونەوەی شیعری كوردیدا گرنگی زۆری هەبووە، شاعیران بە مەزراندنی ڕووداوە(كۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی...)یەكان توانیویانە چوارچێوەی ئەركی شیعر فراوان بكەن.

**كلیلە وشەكان:** (ڕەگەز - ڕووداو – شیعری نوێ - دراما).

## ملخص البحث :

البحث بعنوان(الحدث كعنصر الدراما في الشعر ،(الشعر الكوردى الحديث)على سبيل المثال) هي محاولة لعرض المعلومات الضرورية حول تأثير كلا النوعين من الشعر و الدراما، و خاصةً عن طريق عناصرهما الفنية. بصرف النظر عن العلاقة العضوية القوية بين النوعين ، بالاشارة الى العلاقة التأريخية بين الشعر و الدراما، من هناك سوف نشير علميا الى نوع هذا التأثير ، و دور نوع الحدث كعنصر درامي في الشعر. و اخيرا سنحدد ان هذا العنصر ذو اهمية كبيرة في تطوير و تجديد الشعر الكوردي ، لقد كان الشعراء قادرين على تأسيس الاحداث (اجتماعية والسياسية و التأريخية) لتوسيع نطاق وظيفة الشعر.

**كلمات مفتاحية:** (النوع - الحدث - الشعر الجديد - الدراما).

| | |
| --- | --- |
| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێكی زانستی ئەكادیمیە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10500 |
| ڕێككەوتەكان | ڕێكەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/١/١٢ \| ڕێككەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٢/٢٠ \| ڕێككەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | aram.ali@uoh.edu.iq |

| | |
| --- | --- |
| مافی چاپ و بڵاوكردنەوە | ©٢٠٢٣ م.ی. ئارام عمر علی،پ. د. فازیل مەجید محمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The research under the title of (event as an element of drama in poem, )Kurdish modern poems) as an example) is an attempt to determine enough knowledge about the way both drama and poetry genera are leave impact on each other especially through their artistic elements. Apart from mentioning the strong and organic connection between these two genera, it discusses the historical relationship between poem and drama. In addition, the sort of the impact will be clarified scientifically, and the role of the event as a dramatic element in poems will be explained. Finally, it will determine how this element is responsible for development and renewal of Kurdish poetry, and how poets by establishing events (social, political, historical...) expanded the mission of poem.

**Keywords:** (Genre - Event - New Poetry – Drama).

## پێشەکی:

شیعر بریتییە لەو هەستکردنەی لە ناخی شاعیردایە بەرامبەر بە تەواوی لایەنەکانی ژیان، شیعر بریتییە لە دەربڕینێکی جیاوازتر لە زمانی ڕۆژانەو دەربڕینێکی واتاداری تایبەتە، دراماو شیعر لەلایەک وەک دوو ژانری سەربەخۆو خاوەن چەندین تایبەتمەندی و ڕەگەزی جیاواز، لەهەمان کاتیشدا وەک دوو بواری گرنگی ئەدەبی، جۆرێک لە هاوبەشی ڕەگەزی لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش لە ڕووی کاریگەربوونی تەواوی ئەم دوو ژانرە بەیەکتر بەتایبەت لە هەردوو فۆرمی شیعری درامی و درامای شیعریدا، جگە لەوەی لەسەرەتاوە شیعر لەگەڵ دراما پەیوەندییەکی ئۆرگانی و تێکئاڵاوی زۆریان هەبووە، بە جۆرێک لە مێژووی سەرهەڵدانی دراما وەک دەقی نووسراو لە سەردەمی گریکەوە هەست بەو پەیوەندییە بەتینەی نێوان شیعرو دراما دەکرێت، تا ئەو ڕادەیەی هەموو دەقێکی درامی بەشیعر دەنووسرا.

ناونیشانی توێژینەوەکە : ڕووداو وەك ڕەگەزێکی دراما لە ژانری شیعردا(شیعری نوێی کوردی) بەنموونە

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی مێژوویی و وەسفی شیکارییە.

کەرەستەی توێژنەوەکە : بریتییە لە چەندین بابەتی تیۆری و شیعری چەند شاعیرێک لە شاعیرانی قۆناغی نوێبوونەوەی شیعری کوردی لە نێوان ساڵانی(1920 – 1970)

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ تەوەرەو پوختەی توێژینەوەکە بە هەرسێ زمانی (کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی) و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

## تەوەرەی یەکەم : چەمک و پێناسە

ڕەگەز: لەهەر ژانرێکی ئەدەبی، یان هونەریدا ئەو توخمە هونەری و جوڵەو کردارو ئاماژەو دەربڕینانەن، کە جەستەی دەقێک پێکدەهێنن، یان ئەو قاڵبە هونەریانەن، کە بەشداری لە پێکهاتەو پەیکەری دەقەکەدا دەکەن، ڕەگەز لە دەقی شیعریدا ئەرک و ڕۆڵی خۆی هەیە، بەهەمان شێوە کە لە دراماو ڕۆمان و چیرۆک و هەر ژانرێکی تردا بەو جۆرەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەزەکانی هەریەک لەو چەشنە ئەدەبیانە کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لە سەریەکتر هەیە، بۆ نموونە بەشێکی گرنگ لە ئەرکە ئەدابیەکەی شیعر، لەئەستۆی ئەو ڕەگەزانەدایە کە پێکهاتەی جەستەیی درامان و بەشداری لە گەیاندنی پەیامی شیعردا دەکەن، یان دەکرێت بگوترێت ڕەگەز ئەو قاڵبە هونەرییەیە، کە دەقی ئەدەبی جیاواز لە ژێر ڕۆشنایی پێداویستییەکانیدا بەرهەمدێت، بۆ نموونە شیعر لەسەر بنەمای ڕەگەزە پێکهاتەییەکانی خۆی بونیادنراوە، کە لە ژانرەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، لەوانە: کێش و سەرواو (مۆسیقای شیعری)، وێنە و زمان، لە فۆڕمی شیعری جیاوازدا، هەمان شت لە دراماشدا هەیە، دراما بە دیالۆگ، ڕووداو، شوێن، کات، کەسایەتی و توخمەکانی دیکە دەناسرێنەوە و لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا دەقە

ئەدەبییەکان پۆلێن دەکرێن و دەخرێنە چوارچێوەی چەشنێکی ئەدەبی، ژانرەکان بە پێوەری ڕەگەزی جیاو هاوبەش دەستنیشاندەکرێن و لێکنزیکی و پەیوەندییەکانیان دیاری دەکرێت، کەواتە دەکرێت لەمەوە بۆ هاوبەشی و جیاوازی شیعر و دراماو ژانرەکانی تر بڕۆین.

شیعر: ابن طباطبا لەبارەی پێناسەی شیعرەوە دەڵێت: «شیعر قسەیەکی کێشدارە (ڕێکخراوە) جیاوازە لەو پەخشانەی، کە خەڵک لەنێوان خۆیاندا بەکاریدەهێنن، شیعر جۆرە هۆنینەوەیەکی تایبەتی هەیەو ئەگەر لێی لابدەیت ئەوا گوێ بەباشی وەریناگرێت و چێژەکەی تێکدەدات» (العلوی، ٢٠٠٥، ٩) جیاوازتر لەمانە، ابن وهب دەڵێت: «شیعر هەستکردنە»(الرحمانی، ٢٠٢١، ٤٢)، ئەلێۆت پیناسەی شیعری بەم شێوەیە کردووەو دەڵێت: «شیعر هۆیەک نییە بۆ هەڵچوون و داچوونەکان، بەڵکو هۆیەکە بۆ دەربازبوون لە هەڵچوونەکان، شیعر دەربڕی کەسێتی نییە، بەڵکو دەربازبوونە لە کەسێتی»(کەساس، ١٩٩٩، ٢٠). و جاحظیش پێی وایە «شیعر دارشتنەو جۆرێکە لە وێنە گرتن»(الرحمانی، ٢٠٢١، ٤٢)، هەروەها )کیتس( یش لەم بارەیەوە دەڵێت: «وەزیفەو ئەرکی شیعر ئامۆژگاری نییە»(کەساس، ١٩٩٩، ٢٠).

ئەوەی لەم پێناسانەوە پێیدەگەین ئەوەیە، هەرچەندە پێناسەی زۆر بۆ شیعر کراوە، تا ئێستا پێناسەیەکی یەکگرتوو نییە، هەموو لایەنەکانی ئەم ژانرە تەی بکات و پڕ بەباڵای شیعر بێت، ئەمەش وەستاوەتەوە سەر ئەوەی ژانری شیعر ژانرێکی زیندووەو هەمیشە لە بەرەوپێشچوون و فراوانبوونی چوارچێوە ئیستاتیکییەکەیدایە، بەمەدە دەتوانین بڵێین شیعر هەستکردنە بە جوانی و دەربڕینی ناخ و دەروون، ئەو دەنگەیە لەگەڵ سروشتدا خۆی دەنوێنێ و هەڵچوونەکانی شاعیر دەکاتە وشەو ئەیدا لە باڵای وێنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی، لەلایەکی ترەوە شیعر سنعەتە لە خستنەڕووی وشەو وێنەکێشانی واقیعی ژیان لەو ساتەی شاعیر تێیدا دەژی، کەرەستەی دەربڕینی شیعر وشەو زمانە، بەڵام جیاواز لە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵك؛ کەواتە شیعر ژانرێکی ئەدەبیە، بریتییە لە پارچە دەربڕینێکی ئەدەبی لەلایەن شاعیرێکەوە دەوترێت یان دەنووسرێت، کە هەست و سۆزی جۆراوجۆر تێدایە، پشت بە بەکارهێنانی تەکنیکی جۆراوجۆر دەبەستێت و بایەخدەدات بە لایەنی جوانی و ئیستاتیکای دەقەکە، یان شیعر بریتییە لە پێکهاتەیەک، کە وشە بەکاردەهێنێت بۆ وروژاندنی هەستەکان بە شێوەیەکی خەیاڵی، واتە پارچە دەربڕینێکی ئەدەبییە کە هەست و سۆزی قوڵی شاعیر بەرامبەر بە شتەکان دەخاتەڕوو.

دراما: بریتییە لەپێکهاتەیەکی پەخشانی یان شیعری، لە بنچینەدا بریتییە لە پرۆسەیەکی ئەداکردن، ئەو دەقە نووسراوەیە دەگۆڕدرێت بۆ نمایشێک لەسەر تەختەی شانۆ، دراما ئەو شێوازە تایبەتەی نواندنە، کە باسکردنە لە واقیع و خستنەڕووی ئەو واقیعەیە بۆ بەرامبەر، ئەو واقیعەی لە درامادا باسدەکرێت بە تێڕوانین و خەیاڵی نووسەر دەچنرێت و بەرگی هونەری بەبەردا دەکرێت و دەکرێتە نووسین، لە پرۆسەیەکی هونەریدا قاڵب دەگرێت؛ دواتر لە سەر تەختەی شانۆ، لە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆندا نمایشدەکرێت. «دراما وشەیەکی ئیغریقی کۆنە، لە واتای کردارەوە (الفعل) (dram) لەلای ئیغریقییەکان کردار یان کردەوەو ڕەوشتێکی مرۆڤانەیە، بەشێوەیەکی تایبەت» (ابراهیم، ١٩٩٤، ٩) لە کۆنداو تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە دراما بەگشتی وەک ژانرێکی شیعر دادەنرا، ئەو بەرهەمانەی پێشکەشدەکران بەشیعر دەنووسران، زمانی گفتوگۆو دەربڕینەکان شیعرو زمانی شیعری بوو، ژانری دراماتیک کە سەرەتاییترین بەرهەمی شیعری بوو، لەگەڵ داستان و شێوازە لیریکییەکان بەراورد کراوە، بە شێوەیەکی گشتی دراما : بریتییە لە فۆڕمێکی ئەدەبی «کە بۆ نواندن لەسەر شانۆ نووسراوە، ئەکتەرەکان ڕۆڵی کاراکتەرەکان وەردەگرن، کاراکتەرەکان ئەرکێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکەن و دیالۆگێکی نووسراو دەکەن بە قسە»(Abrams & Harpham، ٢٠١٣, ٨٤)، ژان ژاک برنارد دەڵێ: دراما «پێش هەموو شتێک هونەرە و هونەریش لە ڕێگای دیالۆگەوە شتێک دەدۆزێتەوە، کە شاراوەیە و پێویستی بەوە هەیە کە هەستی پێ بکرێت.."»(ئیبراهیم، 2009، 137).

ڕووداو: بریتییە لە بەریەککەوتن ، بەریەککەوتنی مرۆڤ لەگەڵ مێژوو و لەگەل مرۆڤ، لەگەڵ دەوروبەر، لەگەڵ سروشت، یان «کۆمەڵە بەسەرهاتێکی بەش بەشی پێکەوە بەستراوە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون، پێویستە لە هەموو چیرۆکێکدا بەگوێرەی سیستمێکی دیاریکراو شتەکان ڕووبدەن و بەگوێرەی ئەو سیستەمەش چوارچێوەیەک لەوی دیکە جیا دەبێتەوە، ڕووداوەکانی چیرۆکیش وەکو هێڵێک بەدوای یەکدا دێن » (خاڵە دێوە، ٢٠١٠، ١٦)، ئەگەر ڕووداو بەهێز و سەرنج ڕاکێش نەبێت، ناتوانێت دراما بخولقێنێ، بۆیە ڕووداو

لای ئەرستۆ جوڵەو زیندویەتی درامایەو «ڕوداو بەگیانی دراما لە قەڵەم ئەدات...»(دبلیودوسن، ١٩٨١، ١٤١)، هەروەها پێی وایە ڕووداو کردارێکە «سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی، هەیە»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ٣٣)، کەواتە ئەوە ڕوونە، کە هیچ درامایەک بە بێ ڕووداو بەرهەم نایەت، ڕووداوەکانیش بە سەرەکی و لاوەکییانەوە «یەکەیەکی پێکەوە گرێدراون، ئەگەر بەشێکی لێ لابرێت سەرجەمی دەشێوێ، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ ڕووداو یەکەیەکی ئۆرگانی بەهێزی پێکەوە بەستنی درامایە»(رشدی، ٢٠٠٠، ٢٠).

ڕەگەزەکانی درامای شیعری لای ئەرستۆ، پێکدێت لە «چنین، کەسێتی، دارشتن، هزر، دیمەن، گۆرانی»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ٢٨)، کە هەموو ئەو ڕەگەزانە بە دەوری ڕەگەزێکی سەرەکی و پێکهاتەیەکی بنچینەییدا دەسورێنەوە، کە ئەویش ڕووداوە، بە نموونە گرنگترین ڕەگەز لای ئەرستۆ چنینە، کە بەواتای «ڕێکخستنی ڕووداوەکانە»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ٢٩) وە هەروەها ڕۆڵی کەسێتیش بەگەڕخستنی ڕەفتارو کردەوەیە، کردەوەش بەرهەمهێنی ڕووداوە، ڕەفتار بەواتای جووڵە و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان دێت لە نێو ڕووداوەکاندا. کەواتە لەلای ئەرستۆ. ڕووداو لە هەموو ڕەگەزەکانی تر گرنگترە؛ لە ناو هەر بابەتێکی ئەدەبیدا ڕەگەزی ڕووداوی تێدابێت بە سەرەکی و لاوەکییەوە بەشێوەیەکی زنجیرەی گرنگ پێکەوە بەستراون و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا دروست دەبێت، زۆر جار بە لابردنی ڕووداوێک چنینی دەقەکە تێکدەچێت، چونکە لە پێکهاتەی دەقێکدا ئەو تەکنیکەی ڕەگەزەکان بە تایبەتی ڕووداوەکان پێکەوە دەبەستێت، وەک پێکهاتەی پێکەوە هاتنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤێک، یان گیانلەبەرێک دێتە بەرچاو، کە گرنگییەکی زۆر لە تەواوی ئەو پێکهاتەیەدا هەیەو بە کەمووکورتی، یان نەبوونی هەر ئەندامێک نارێکی و کەمووکورتی لە کۆی جەستەکەدا دێنێتەبوون، بەم پێوەدانگە ئەم پێوەرە بۆ چنینی دەقێکی شیعریش تەواوە، کە ئەگەر ڕەگەزی ڕووداو لە چنینی دەقێکی شیعریدا ڕۆڵی هەبوو نابێت لە خستەڕووی ڕووداوەکەدا پچڕان و شپرزەیی پێوە دیاربێت، بە واتایەکی تر هەر لێکترازانێک کاریگەری لەسەر تێکدانی وێنەی شیعری دەبێت، دەتوانین بڵێین: نووسینی دەقێک لە ڕووی هونەرییەوە لە کاری پەیکەرتاشێک دەچێت، کە لە کاتی سازکردنی پەیکەرێکدا حساب بۆ جوانی پەیکەرەکەی دەکات و هەموو لایەنەکانی لەبەرچاو دەگرێت، بە هەمان شێوەش نووسەری دەقێکی ئەدەبی لە نووسینی دەقەکەیدا دەبێت خاوەنی سەلیقەیەکی بەهێزبێت، تا هونەری پێکەوە چنینی ڕەگەزەکانی دەقەکەی وەستایانە بونیاد بنێت و حساب بۆ هەموو لایەنەکانی بکات، واتە نەخشەی پەیکەرێکی گشتی دەکێشێت، لە هێڵە گشتییەکانەوە بۆ هێڵە تایبەتییەکانی کارەکەی دەچێت و بەشێوەیەکی پێویست و دوور لە زیادەڕۆیی مەزراندن بۆ ڕۆڵی هەریەکە لەو ڕەگەزانە دەکات، کە بونیادی دەقەکەی لەسەر پێکهاتووە، بەمەش دەردەکەوێت هەریەکە لەو ڕەگەزانەی ڕۆڵیان لە سازاندنی دەقەکەدا هەیە، نووسەر ناتوانێت دەستبەرداریان ببێت، بەمەدا دەتوانین بڵێین «نووسەر، لە ئەندازیاری بیناسازی دەچێت، لەنەخشەو پلان داناندا»(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ١٠٤)، کە هەموو لایەنێکی کارەکەی لەبەرچاودەگرێت و حساب بۆ هەموو لایەنەکانی نەخشەو وردەکارییەکان دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا دانان و نەخشاندنی پێکهاتەی ئەو ڕەگەزانە لە هەر ژانرێکدا بەپێی پێویستی دەقەکەیەو هیچ مەرجێکی پێشوەختە نییە، تا دەستنیشانی ئەوە بکات، دەقێک چەند کارەکتەری دەوێت، یان ڕووداوەکان چەند کاتیان پێویستەو دەبێت زەمینەو شوێنی ڕووداو کوێ و چەند بێت، هەروەها پەیوەندی پتەو لە نێوان ڕەگەزەکاندا هەیە، بەنەبوونی هەریەکە لەو ڕەگەزانە کەمووکورتی دێتەئاراوە، بەنموونە لە نێوان ڕووداو و کارەکتەر، هەروەها لە نێوان ڕووداو و شوێن و کاتدا «گەر ڕووداوێکمان نەبێت، کەسێتی ڕۆڵێکی نابێت، گەر ڕووداوێکمان هەبێت شوێن و کاتێکیشمان دەبێت بۆ ڕوودانی ڕووداوەکەو دەرکەوتووی کەسێتییەکان»(عوسمان، ٢٠٠٩، ١٢).

کەواتە ڕووداو ئەو هێزەیە گیان بەبەری دەق ئەدەبیدا دەکات و هەمیشە بەزیندووی دەیهێڵێتەوە، جوڵەیەکی بەردەوامی پێدەبەخشێت، لەگەڵ ئەوەی ڕووداو ڕەگەزێکی درامایە، لە زۆر چەشنی تری ئەدەبیدا بەشداری کارای هەیە، لەوانەش شیعر، هەندێک بەرهەمی ئەدەبی هەیە بەبێ بوونی ئەم ڕەگەزە پێکنایەت لەوانە (داستان، ڕۆمان، چیرۆک...). گرنگی ئامادەبوونی ڕەگەز و توخمی ڕووداو لە دەقدا کەمەندکێشکردنی ڕەگەزو توخمەکانی تری وەک (کەسایەتی، دیالۆگ، ململانێ، کات و شوێن...)ە، داینەمۆی فراوانبوونی دەقی ئەدەبیە، بەڵام مەزراندنی ئەم ڕەگەزە لە ژانرێک بۆ ژانرێکی تر دەگۆڕێت و سیماو خەسڵەتی تایبەت بە جۆری ژانرەکە هەڵدەگرێت، بەڵام لە شێوە

گشتییەکەیدا ڕووداو زنجیرە کردارو هەڵسوکەوت و بەسەرهاتێکی پێکەوە گرێدراوی ماناداره، کە لە بەریەککەوتن و پێکەوەبوون و ڕەفتار و ژیانی مرۆڤەکان و ژینگەو دەوروبەری سەرهەڵدەدات، ئەمەش لەچوارچێوەی چەند بزاوت و گۆڕان و جوڵەیەکدا، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوە بەدوای یەکدا دێن، یان «بریتییە لەو زنجیرە گۆڕانەی بەسەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پەیوەندی و کارلێک کردنیان لەگەڵ ئەو شوێنەوارەی تێیدا دێن و دەچن»(ڕەسول، ١٩٨٩، ١٥١)، کەواتە ڕەنگدانەوەی ژیانەو ژیانیش لەهەموو چەشنێکی ئەدەبیدا بەپێی پێویستی دەقێك ئامادەیی هەیە.

ڕووداو گرنگترین بزوێنەری درامایە، تا ئەو ڕادەیەی «گرنگی ڕووداو بەستراوە بەسەرکەوتووی چیرۆکەوە، بەواتایەکی تر ئەوەی زۆرجار بڕیار لەسەر باش و خراپی چیرۆک دەدات ڕووداوە»(عوسمان، ٢٠٠٩، ١٢)، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو ڕەگەزانەی تر گرنگ نین بە پێچەوانەوە، دراما یان هەر دەقێکی ئەدەبی، بەتەنها ناتوانێت بناغەی خۆی لەسەر یەک ڕەگەز و توخم بنیات بنێت، بەڵام درامانووس لە ڕوانگەی خەلقکردنی ڕووداوەکانەوە پەل بۆ ڕەگەزەکانی تر دەکێشێت و ئەوەی گیانی زیندویەتی بەبەری ڕووداوەکەدا دەکات لە ڕەگەزەکانی تر دەخرێتە ناو پرۆسەی بونیادی تێکستەکەوە. ئەمە بەمانای گرنگی ڕەگەزی ڕووداو دێت، بەڵام نابێت ڕووداو ببێتە هۆی لێکترازاندنی ڕەگەزەکانی ترو ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ڕەگەزەکانی تردا هەیە تێکیبدات، ڕەگەزی ڕووداو لە شیعردا گرنگی و بایەخی هەیەو کاتێک شاعیر ڕووداوێک دەکاتە هەوێنی خولقاندنی دەقێک، چیرۆک و بەسەرهاتەکان دەخاتەڕوو، مەبەستییەتی هەست و سۆزی تایبەتی و بۆچوونی لەمەڕ ئەو ڕووداوە بخاتەڕوو نەک تۆمارکردن و گێڕانەوەیەکی مێژوویی. بۆیە ڕووداو دەرەنجامی کارلێکی هەڵوێستی کەسەکانە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵام لە گوێزانەوەی ڕووداوەکان بۆ ناو دەقێکی ئەدەبی، دەبێت ڕەچاوی پتەوی و پێکەوە بەستراوی ئەو هەڵوێستانە بکرێت، چونکە «ئەگەر یەکێک لەو ڕووداوانە لە شوێنی دروستی خۆیەوە دانەنرێ، یان ئەگەر فڕێ بدرێ، کردەوە تەواو و پێگەشتووەکە تووشی شێوان و لێکترازان دەبێ» (ئەرستۆ، 2011، 36)، بەڵام ڕووداو هەرچەندە گرنگبێت ئەرکی شاعیر ئەوە نییە ڕووداوەکان کتو مت وەک خۆی بگوازێتەوە نێو دەقێك، ئەم جۆرەیان کاری مێژوونووسە، ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە شاعیر بۆی نییە ڕووداوی ڕاستەقینە بگوازێتەوە نێو دەق، بەڵکو دەبێت لە چنینی دەقەکەیدا ڕەچاوی بنەماو پێکهاتەو ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی بکات، چونکە شاعیر «یەکەمجار دروستکەری چنینە ئینجا هۆنەرەوەی شیعر»(ئەرستۆ، 2011، 38) هۆنینەوەی شیعریش جۆرە سنعەتکارییەکە کە وەك کەرەستەی دیوار پێویستی بە بابەتی بەهێزو سەرنج ڕاکێش هەیە تا بونیادی دەقەکەی لەسەر بنێت، شیعری نوێی کوردی لەم بوارەدا بەئاگاییەوە پەلی هاوێشتووە، تا بتوانێت ڕۆڵی لە پێکهاتەی دەقدا فراوان بکات و جیا لەلایەنی ئیستاتیکاو جوانی شیعرو زمانی پاراو و ڕەوانی وشەو ڕەسەنیەتی کێش لابەلای ئەرکی (کۆمەڵایەتی، مێژوویی، سیاسی، نیشتمانی، ئاینی...)شیعردا بکاتەوە.

(ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات) ناونیشانی شیعرێکی درامی عبدالرزاق بیمارە (تێکستێکی شیعرییەو بۆ ئەداکردن و نمایشی شانۆیی نووسراوە) و باس لە ژیان و بەسەرهاتی گوندنشینێکی کورد دەکات، ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، شوێنی ڕووداوەکان گوندێکی جوان و دڵگیری کوردستان، چیرۆکی ژیانی نێوان (هۆمەرو ئەسمەر) ە، کات: ساڵی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەکەم، ڕووداوەکان کارەساتبارو ترسناکن، پڕ چەرمەسەرین. برسیەتی و ڕاوەدونان وگرتن و قاتی وگرانی وێنەیەکی ئەو ڕووداوانەن کە زۆر لە ناوچەکانی گرتۆتەوە. سەرەتای دیمەنەکان بە ڕووداوەکانی ژیانی مناڵی ئۆمەر دەستپێدەکات:

ئۆمەر: ئای لە شادی!

هەر دوێنێ بوو، مناڵێک بووم

لە ئاوایی

لە دەشت و سەر ئەم گردانە، لە قەد چیا

هەڵ ئەبەزیم، بازم ئەدا،

چەند کەروێشکم ڕائەپەڕان

بەسەر دار مازوو دار قەزوان

هەڵئەگەڕام، بێچووە مەلم دەر ئەهێنا

لە هێلانە..... (محمد، 1961، 9)

ئەم چیرۆکە بەشێوەی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانی نێو دەقەکە (هۆمەر، ئەسمەر، دایک، ژن، منداڵ...) و چنینێکی وردی پڕ ململانێ داڕێژراوە تا گرێکان دەگەنە لوتکەو لەنێوان مردن و مانی هۆمەردا ڕووداوەکان گەشەدەکەن و دەگەنە لوتکەو شانۆنامەکە کۆتایی دێت.

ئەخۆڵی شاعیر (1911 - 1988) بۆ کارەساتی شەشی ئەیلولی 1930ی بەردەرکی سەرای سلێمانی شیعرێکی بە ناونیشانی (ئەیلولی خوێناوی) نووسیوە، کە هەر لە ناونیشانەکەیەوە بیری خوێنەر بۆ مەرگەسات و ڕووداوی ترسناک دەبات)، لەم دەقەدا ڕەگەزی ڕووداو ڕۆڵی گەورەی هەیە لە پێکهاتەی دەقەکە و گێڕانەوەی کارەساتەکەدا، ململانێی نێوان خەڵک و دەسەڵات چەندین دیمەنی درامی کارەسات باریان بەرهەم هێناوە.

جگە لە ئەخۆل چەندین شاعیر شیعریان بۆ ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە نووسیوە، ڕووداوەکان و کارەساتەکە بریتی بووە (ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانییە کە لە ڕۆژی 6ی ئەیلوولی ساڵی 1930 ڕوویداوە، لەو دەمەدا جەماوەری سلێمانی دژی داگیرکەران و بۆ بەگژداچوونەوەی ڕژێمی ئەو سەردەمە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینیان کرد، ئەویش لەپێناو پووچەڵکردنەوەی ئەو پەیماننامەیەی لەنێوان حکوومەتی عێراق و ئینگلیز بەسترابوو. ئەو ڕووداوە کوژران و برینداربوون و دەستگیرکردنی خەڵکێ لێکەوتەوە. ئەو ڕۆژە بە (ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول) یا (ڕۆژی 6ی ئەیلوول) یا (شەڕی بەردەرکی سەرا) لە مێژووی سلێمانی و کوردستاندا تۆمارکراوە.

ئەیلولی خوێناوی

بە جارێ ماڵی وێرانم سلێمانی خرۆشاوە

بەسەر هیچ کەس نەیەت خوایە ئەوەی لەم شارە قەوماوە (دیوانی ئەخۆل، 2019، 105)

هەر لەگەڵ خوێندنەوەی دێڕی یەکەمی دەقەکە، هەست بە بوونی نائومێدی و ڕووداوێکی گەورەی تراژیدی دەکرێت، کە خوێنەر کەمەندکێشی ناو دیمەنەکان دەکات.

بەیانی بوو شەشی ئەیلوول لەناکاو گوللەی وەک باران

ئەباری بۆ قڕی میللەت، ئەوەی پیرە و ئەوەی لاوە

بەدەم شەستیرەوە لاشە وەکوو زوربەی گەڵاڕێزان

لە ڕێدا عەینی ئەتوت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە

لەبەر دەرکی سەرا دیارە لە هەر لایەک تەماشا کەی

سەراسەر پڕ لە لاشەی مردووە شێلراوە کوژراوە (دیوانی ئەخۆل، 2019، 105)

هەرچەندە ڕووداوەکان ڕەهەندێکی سیاسی و مێژووییان هەیە، شاعیران نەیان توانیووە بێدەنگ بن، هەریەکە لای خۆیەوە بەجۆرێک گوزارشتی لەم ڕووداوە کردووە.

شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیرێکی تر کە ئەو ڕووداو و دیمەنە خوێناوییە، دەیبەستێتەوە بە ڕووداوێکی مێژوویی (ماهی موحەڕڕەم، شینی حوسەین) کە مانگی ماتەمگێڕانی شیعە بۆ مەرگی حوسەین". گەورەیی ڕووداوەکە بەراورد دەکات لەگەڵ مانگی موحەڕەم و شینی حوسەین.

ماهی موحەڕڕەمە ئەمە، شینی حوسەینە یا

ئەیلولە ڕۆژی شیوەنە، ماهی فەلاکەتە؟

هەر نەعشی لاوی کوردی ستەمدیدەیی غەمە

غەڵتانی خوێنە، نائیلی ڕوتبەی شەهادەتە

هەر نەونیهالی کوردە، بەخوێناوی ئاڵەوە

گەوزانی خاک و خوێنە، شەهیدی شەجاعەتە...            (دیوانی شیخ نووری،1989، 386)

وەك دەبینین«ڕووداو کۆمەڵە بەسەرهاتێکی ڕێکخراو و کاریگەرە کە تایبەتمەندی و جوداییان لە ڕێگەی کاتەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو وەردەگرن»(موفتی، ٢٠١٢، ٤٤)، گێڕانەوەی ڕووداو لای مێژوو نووسێک جیاوازە لەوەی لە دەقێکی ئەدەبیدا هەیە، جیاوازییەکە لەو ڕاستییەدایە کە مۆرکی گشتییەتی و تایبەتی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکە دەدات، هەر بەمەدا دەتوانین دەقێکی شیعری لە نووسینێکی مێژووی جیابکەینەوە، کە شیعر مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینەیەکی گشتیدا دەکات بەڵام «مێژوو مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینەی تایبەتدا دەکا»(ئەرستۆ، 2011، 37)، ئەگەر سەیرێکی هەریەکە لەو دوو دەقە شیعرییەی ئەخۆڵ و شێخ نووری بکەین، بۆ کارەساتی شەشی ئەیلولیان نووسیوە، تێدەگەین کە شاعیران لەسەر دیمەنە گشتییەکانی ڕووداوەکەیان نووسیوە، تانوپۆی گشتی دەقەکەیان، گواستنەوەی دیمەنی تراژیدی کارەساتەکەیە، نەک مامەڵە کردن لەگەڵ داتای تایبەتی و ژمارەی کوژراوان و.... هتد. بۆ نموونە ئەخۆڵ گوزارشت لە زۆری کوژراوان بە گەڵاڕێزانی پایز دەکات، کە بۆ مێژوونووسێک ئەمە ڕێگە پێدراو نییە.

بەدەم شەستیرەوە لاشە وەکوو زوربەی گەڵارێزان

لە ڕێدا عەینی ئەتوت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە        (دیوانی ئەخۆل، 2019، 105)

کاتێک مێژوونوس ئەم کارەساتە دەگێڕێتەوە، ڕێگەی نادرێت بەمجۆرە گوزارشت لە ڕووداوەکان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە دراوە مێژوونووس و نووسەرێکی دەق ئەدەبی هەریەکەو بە بنەماو پێوەرەکانی نووسینی خۆیان ڕووداوەکان نیشان بدەن.

سەرهەڵدانی ڕووداو لە دەقدا دەبێت یەک ئامانجی دیاریکراوی گرێبیدات بە ژیانەوە، ئەگەر دەقاودەقیش نەبێت واتە نابێت ڕووداوێکی سەرو واقیع و توانای قبوڵکردنی بەرامبەربێت، وەگەر نا ئەو ڕووداوانەی دوورن لە ئامانجێکی دیاریکراو خزمەت بە دیمەنە درامییەکانی دراما ناکەن و دراما لە ڕەوتی خۆی دووردەخەنەوەو جۆرە لادان و دورکەوتنەوە لە مەبەست و گرنگی پەیامی دەقەکە دێتە پێشەوە کە ئەنجامەکەی بە بێهێزی بەسەر دەقەکەدا دەشکێتەوە، ئەم بارەش بۆ دەقێکی شیعر هەر بەوجۆرەیەو خستنەڕووی ڕووداوێک لە دەقێکی شیعریدا دەبێت ئامانجداربێت، لەبەرئەوە ئەو ڕووداوانەی لە ئەدەب و هونەردا شوێنێک داگیردەکەن، دەبێ باوەڕپێکراوبن و وەک زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوە هەموویان لە خزمەتی سەرەتاو کۆتایی دەقەکەدابن, بەواتایەکی تر ڕاستەقینەیی ڕووداوەکانی مێژوو بە شکڵێکی هونەری ئامانجدار دەگوازرێنەوە بۆ نێو ئەدەب و هونەر، چونکە «ڕووداو زنجیرەیەک گۆڕانە، کە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی دیکە هەنگاو دەنێن، تا لە کۆتایدا دەگەنە ترۆپک و گۆڕانی کۆتایی بەئەنجام دەگات»(عەولا، ٢٠١١، ٣٢١). بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەو ڕووداوەی کە "چیرۆکێک لە دەقیکدا بەڕێوەدەبات" پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تانوپۆی گشتی دەقەکەوە هەیەو هەرچۆنێک بێت وەک سەرەتای دەستپێکردن، گرنگی و بایەخێکی لەبەرچاوی لە سەرهەڵدان و گرژبوونی ڕووداوەکانی تردا هەیە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو دۆخەوە هەیە ڕووداوەکەی تێدا دەگۆڕێت

## تەوەرەی دووەم : شیعر و شیعری نوێ کوردی

زۆرن ئەوانەی لە بارەی شیعرەوە نووسیویانە، زۆرێک لە فەیلەسوف و نووسەرانی گەورە سەرنجیان لەسەر لایەنە سیحرییەکەی شیعر هەبووە، «ئەرستۆ شیعری بەجۆرێک لە مەعریفە دادەنا... لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا فەیلەسوفان بە کاریگەری ئاینی لە فەلسەفەی گریکدا، بەرامبەر بە هونەرو شیعر ئەوانیش ڕەوتی مەسیحییەتیان پیادەکرد... (کانت) یش لەو باوەڕەدابوو، کە شیعر ئازادترین و قەشەنگترینی هەموو هونەرەکانە،... وەلێ دوای کانت هێگڵ بوو، کە بە درێژی دەربارەی شیعر تێڕوانینی خۆی خستەڕوو، وە هیگڵ پێش فەیلەسوفە مۆدێرنەکان هەموویان پەرژاوەتە سەر شیعر، چونکە لەسەردەمی ئەو بزوتنەوەی ڕۆمانتیک و شیعری ڕۆمانتیک لە نێو خەڵکیدا دەسەڵاتی زۆرتربوو»(حوسێن، نازم، ٢٠٢٠، ٨٠-٨١) بۆ سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی شیعر، سەرچاوەکان ئەماژە بەوە دەکەن، پێش یۆنان لای سۆمەری و میسرییە کۆنەکان شیعر هەبووەو کۆنترین دەق شیعری مێژووەکەی بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، کە دکتۆر مارف

خەزنەدار لە مێژووی ئەدەبەکەیدا ئاماژەی پێکردووەو نموونەی بۆ هێناوەتەوە، کۆنترین دەقی شیعری پارچە شیعرێکی شاعیری سۆمەری «دینجیری دامو، کە نزیکەی ٢٩٠٠ ساڵ پێش مەسیح نووسیویەتی» (خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٥٥). هەروەها شیعر لای میسرییە کۆنەکان سەری هەڵداوەو ئەدەبەکەیان بە یەکێک «لە ئەدەبە دەوڵەمەندەکانی گێتی کۆن دادەنرێت»(خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٥٨). دواتر نموونەی بەرزی ئەدەبی کە بەیەکەمین بەرهەمی ئەدەبی گریکی کۆن دەژمێردرێت، شاکارە گەورەکانی "ئیلیادە و ئۆدیسە"ن کە لەلایەن هۆمیرۆسەوە دانراوە، مێژووەکەی بۆ نۆ سەدە پێش زاین دەگەڕێتەوە. ئەم کاروانە بەردەوام دەبێت لە ناو گەل و شارستانییەتەکانی تر، لەوانە (ئەدەبی لاتینی ڕۆما و ئەدەبی هیندی" مەهابهاراتا و ڕامایانا" و ئەدەبی چینی) هەر گەل و میللەتێکیش لەم بوارەدا کەم تا زۆر بەرهەمی ئەدەبی و دەقی نووسراوی هەیە. لە خوێندنەوەی ئەم مێژووەدا کاتێک دێینە سەرباسی شیعری کوردی، ئەوەی لای کورد هەیەو باسی لێوەکراوە، پێش ئەدەبی نووسراو، ئەدەبی سەرزاری و نەنووسراو لە ئەدەبی میللی و ئەدەبی فۆلکلۆر وەک سامانی ئەدەبی نەتەوەیی بۆ سەردەمی باوباپیرە هەرەکۆنەکانی میللەتی کورد دەگەڕێتەوە، هەرچی سەبارەت بە ئەدەبی نووسراویشە تا ئێستا شعیرەکانی باباتاهیری هەمەدانی وەک سەرەتای شیعری نووسراوی کوردی دەستنیشانکراوە.

## یەکەم: لەبارەی شیعرەوە

لەسەرەتادا دەتوانین بڵێین ئەدەب هەموو ئەو بەرهەمە زمانیانە لە خۆ دەگرێت، کە بەجۆرێک هەست و هەڵچوونەکان دەوروژێنن، ئەمەش بە هۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی هەموو ژانرەکانی ئەدەبە، کە بە هەست و سۆزی مرۆڤەوە گرێدراون، بێگومان ئەوەی سەرچاوەیی یەکەمی پەیوەندی نێوان ژانرەکانی ئەدەبە، زمانە، زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و هەر بەکارهێنانی زمانیش بە هۆی دەربڕینەوە دەتوانرێت ئەو پۆلێنە لە نێوان ژانرو جۆرەکانی ئەدەبدا بکرێت، «زمان لە ڕۆمان و چیرۆک و درامادا زیاتر زەینییە وەک لە شیعر، زمانی شیعری زیاتر دەستوری زمان دەبەزێنێت، لە پێناوی دانانی گوێگر یان خوێنەر لە بارێکدا، کە زیاتر وەعی و هۆشیاری تێدابێت»(الرحمانی، ٢٠٢١، ٣٩). لە ناو ئەو ژانرانەشدا شیعر وابەستەییەکی زۆری بە زمانەوە هەیە، چونکە زمانی شیعری، ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە چنینی دەقێکدا، تا ئەو ڕادەیەی «هەندێکجار دەگاتە پلەی ئاڵۆز بە جۆرێک، کە ئەستەمە وشەیەک بگۆڕین، یاخود وشەیەک زیاد بکەین، بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکەی نەبێتە مایەی تێکدان لە گشتیدا»(الرحمانی، ٢٠٢١، ٤٠). ئەوەی لەم تێڕوانینانەوە پێیدەگەین ئەوەیە، شیعر ژانرێکی ئەدەبیە، بریتییە لە پارچە دەربڕینێکی ئەدەبی لەلایەن شاعیرێکەوە دەوترێت یان دەنووسرێت، کە هەست و سۆزی جۆراوجۆر دەردەبڕێت، پشت بە بەکارهێنانی تەکنیکی جۆراوجۆر دەبەستێت و بایەخدەدات بە لایەنی جوانی و ئیستاتیکای دەقەکە لە ڕێگەی زمانەوە، یان شیعر بریتییە لە پێکهاتەیەک، کە وشە بەکاردەهێنێت بۆ وروژاندنی هەستەکان بە شێوەیەکی خەیاڵی، واتە پارچە دەربڕینێکی ئەدەبییە کە هەست و سۆزی قوڵی شاعیر بەرامبەر بە شتەکان دەخاتەڕوو. شیعر «بە زمانی ئاخاوتنی دڵ دەناسرێ»(عەبدوڵلا، 2008، 113) لەگەڵ ئەوەشدا شیعر جۆرێکە لە خۆ دەربڕین کە هیچ سنوورێک ناناسێت، لەوانە جەختکردنەوە لەسەر جوانیناسیی زمان و بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکانی وەک دووبارەکردنەوە و قافیە کە لە دێر زەمانەوە دەرکەوتووە، شاعیر گوزارشت لە بیرکردنەوە و هەست و نەست و ئاڵۆزییەکان، یان خۆشییەکانی دەکات و باوەڕی بە چی هەیە یان ئەو پرسە مرۆییانەی سەرنجی ڕادەکێشن، دەکاتە شیعر و دەینووسێتەوە، شاعیری بەتوانا زۆر سوود لە وێنە و بەکاربردنی وشە وەردەگرێت، تا بتوانێت بە جوانترین شێوە هەستەکانی بگەیەنێت، هەر بۆیە جۆرەکانی شیعر سەرهەڵدەدەن.

## دووەم: شیعری نوێی کوردی

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕێچکەی شیعری کوردی قۆناغێکی نوێی بڕی و شاعیران بە جیهانێکی تری شیعری ئاشنابوون، بەجۆرێک لای بەشێک لەشاعیران گۆڕان و دەربازبوون بوو لە قۆناغێکی کۆن بۆ قۆناغێکی نوێ، ئەم گۆڕان و نوێبوونەوەیە لە ڕووی زەمەنەوە شیعری ساڵانی (١٩٢٠-١٩٧٠) دەگرێتەوەو دەقی شیعری هەندێک لە شاعیران نوێنەرایەتی نوێبوونەوەکەیان دەکرد، ئەویش بەکاریگەربوون بە ئەدەبی تورکی هەنگاوی گەورەیان هاوێشت «لەم میکانیزمی گۆڕان و گواستنەوەیەدا، شیعری کوردی و شاعیرانی کورد بە دوو چەشن سودیان لە سەرچاوەی سەرەکی کاریگەرییەکانی نوێگەری لە ڕێگەی شیعری تورکییەوە بینیوە، کۆمەڵێکیان ڕاستەوخۆ هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان لەگەڵ شاعیرە نوێخوازەکانی تورکدا هەبوو وەک پیرەمێرد و عەبدولڕەحیم هەکاری، هەندێکیشیان لە دوورەوە لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤاری تورکییەوە... وەک گۆران و شێخ نوری و ڕەشید نەجیب..»(بەرزنجی، 2014، 3).

ڕابەرانی قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیی، کە بەڕوونی کاریگەری ئەدەبی تورکیان لەسەربوو بریتی بوون لە «پیرەمێرد و عبدالرحمن بەگی نفووس و شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران و ڕەشید نەجیب و عبدالواحید نووری»(حوسێن، 2020، 422) ئەم شاعیرانە پاڵنەرو هێزێکی زۆریان تیدا نیشتەجێبووبوو بۆ گۆڕانکاری و نوێبونەوە، یەکەم هەنگاویان بریتی بوو لە دەرخستنی شێوەیەکی نوێ لە شیعر، کە لە کۆت و بەندی کلاسیکی ڕەها بکرێت، ئەمەش ڕێنموینی شاعیرانی کوردی دەکرد بۆ چوونە ناو قۆناغیکی تر لە تاقیکردنەوە بە پشتبەستن بە بۆ ماوەیی ئەدەبی وەک باگراوندی ڕۆشنبیری شاعیران و بە پشتبەستن بە دەسکەوتەکانی شیعری جیهانی و ڕۆشنبیری شیعری نوێی ڕۆژئاوا.

دواتر لەڕێگەی ئەدەبی تورکییەوە ئاشنابوون بە ڕۆشنبیری جیهانی بە گشتی، کە ڕەنگدانەوەیەکی گەورە و ڕوونی هەبوو لە گۆڕینی چەمکی شیعر لە شێوە کلاسیکییەکەی بۆ حاڵەتی نوێبوونەوە، لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم نووێبوونەوەیە سەرباری ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبی تورکی و گەلانی دراوسێ پەیوەندی بەو بارە ڕۆشنبیرییەوە هەبووکە خۆی لە سەرهەڵدانی «چاپخانەو چالاکی ڕۆژنامەوانی کوردی و دامەزراندنی قوتابخانەو هەندێ کۆمەڵی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و نمایش و جموجوڵی شانۆییەوە، چالاکییەکانی جەمعیەتی زانستی کوردان لە سلێمانی لە ساڵی (١٩٢٦) و گەڕانەوەی هەندێک شاعیری کورد لە تورکیایی عوسمانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەبوو»(حوسێن، ٢٠٢٠، ٤٢٤).

عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی ڕای وایە قۆناغی شیعری نوێی کوردی کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستیپێکردوەو بە سێ شێوە بووە «شیعرێک کە کۆکردنەوەی سێبەری قاڵبی کۆن و باو و خستنەڕووی چەند بابەتێکی هاوچەرخە، شێوەی دووەم شیعرێکی نوێ کە تێیدا لەسەر دوو ئاست یاخیبوون بۆ لابردنی ناوەڕۆکی کۆن و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی شێوەی هونەری نوێ و شێوەی سێیەمیش شیعرێکی نوێ کەتێیدا چەند چەشنێکی هاوماڵی نوێ (مجاور) سەریان هەڵداوە، سەرەتای شیعری سەربەست و شیعری تەفعیلە، شیعری مەنسور، شیعری پەخشانی و پەخشانی شیعریش وەک ڕێخۆشکەرێک»(بەرزنجی، ٢٠١٤، ٣).

دەربارەی سەرەتاکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بیروبۆچوونی جیاواز هەیە هەندێک پێیان وایە عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و پیرەمێرد و شیخ نووری شێخ سالح پێش لە گۆران هەوڵیای نوێکردنەوەی شیعری کوردیان داوەو بەرهەمی دیارو بەرچاویان هەیە، هەرچەندە خاوەنی ڕێچکەو ڕێبازێکی دیاریکراو نەبوون، تەنها لە سۆنگەی هەستکردنیان بە گۆڕانی قۆناغەکە و گرنگی و زەرورەتی دەربازکردنی شیعر لە قۆناغی پێشوو، پێبەپێی ڕۆشتنی شیعری کوردی لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعر لای نەتەوەکانی تر ئەمانیش هەوڵیان داوەو هەنگاویان هەڵگرتووە، لە ڕووی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی و گەڕانەوە بۆ کێشی خۆماڵی، بەڵام ئەوەی ئەوانی لە گۆران جیاکردەوە، ئەوە بوو کە گۆران پابەند بە ڕێباز و بنەمای ئەو گۆڕانکاریانە هەنگاوی بەردەوام و بێپچڕانی هەڵگرت و قۆناغەکەی بەتەواوی بەرەو نوێکردنەوەی جدی و بابەتیانە برد، ئەوەتا گۆران خۆی لە بارەی شێخ نووری و ڕەشید نەجیبەوە دەڵێت «من بە کۆششی ئەوانەوە نەوەستام و وەزنی هیجاشم وەرگرت و بەکارهێنا»(بیمار، ١٩٧٠، ٣) کەواتە ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە، کە گۆران بنچینەو ڕێچکەیەکی تەواوی بۆ ئەو نوێکردنەوەیە گرتەبەر و دەستبەرداری نەبوو تا بەتەواوی ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا بەدەرکەوت و بوویە پێشەنگ و مامۆستای ئەو نوێکردنەوەیە و لە دەلاقەی هۆشیاری و تێگەیشتی زۆری بۆ قۆناغی شیعری کوردی و بەراوردکردنی بە پێشکەوتنەکانی شیعری نەتەوەکانی دەوروبەرو ڕۆژئاوا،

بە مەعریفەیەکی قوڵەوە کەوتە داهێنان و تا «ئێستاش سایە و سێبەری کارتێکردن و بەردەوامی لە سەر دونیای شیعری کوردی هەر ماوە و هەر هەیە»(کاکەی فەلاح، 1399، 13). لە سایەی ئەم نوێبوونەوەدا سەرباری گۆڕانی ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعری «چەندین چەشنی شیعری سەریانهەڵداوە»(بەرزنجی، 2014، 3)، بەشێوەیەکی گشتی گۆڕینی ڕووخسارو ناوەڕۆکی شیعری کوردی لای شاعیرانی نوێخوازی ئەو قۆناغە بریتی بوو لە (بەکارهێنانی کێشی پەنجەی خۆماڵی و دورکەوتنەوە لە کێشی عەروز، بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی، بایەخ خستنەسەر جوانی سروشت و دیمەنی درامی و وێنەی شیعری، پاراوی و سادەیی زمان و ڕوونی واتا...)

دیمەنی جوانی سروشت مۆرکێکی شیعری نوێی کوردی بوو، وەرزی پایز وەرزێکی پڕ لە جوانی و وێنەی سەرنجڕاکێش، تەنیا جوانیی بە سروشت و مرۆڤ و زەوی نەبەخشیوە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر هەستی شاعیران و نووسەرانی دونیای ئەدەبیات دروستکردووە، لای گۆرانی شاعیر ئیلهامی لەدایکبوونی دەقێکی نوێیی بەرزبوو، ئەم شیعرەی گۆران موناجاتێکە لەگەڵ جوانی سروشت و ڕۆحی ئاوێتەی وشەی جوان و ناسکی کوردی دەکات و بە دەمەتەقێیەکی خۆی و پایز، تێکستی بەرز بەرهەم دەهێنێت.

پاییز! پاییز!

بووکی پرچ زەردا!

من مات، تۆ زیز:

هەردوو هاودەردا!

من فرمێسکم، تۆ بارانت؛

من هەناسەم، تۆ بای ساردت؛

من خەم، تۆ هەوری گریانت،

دوایی نایە: دادم، دادت،

هەرگیز، هەرگیز،

پاییز! پاییز!... (دیوانی گۆران، 1393، 135)

محەمەد ساڵح دیلان (1927 - 1990) یەکێکە لەو شاعیرە هەست ناسکانەی کە لەڕووی پاراوی زمان و بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی و کێشی خۆماڵی کوردییەوە لە پێشەنگی شاعیرانی نوێخوازبووە، ئەویش شیعرێکی لە ساڵی (1953) بۆ وەسفی سروشتی جوانی پایز نووسیوە، هەموو ڕووداوەسروشتییەکانی وەرزی ساڵ بە دیمەن و وێنەی سەرنج ڕاکێش دەخاتە ڕوو بەم جۆرە

پاییز بوەرێ گەڵای درەختت

زستان، با بێنێ وەیشوومەی سەختت

خەزان، با زەرد بێ دەشت و چیا و کێو

بەفر دایپۆشە هەوراز و نشێو

ڕەهێڵە ڕایدە پووشی پەنا چاڵ

بای وەشت، بیشکێنە نەمامی ناوماڵ (دیوانی دیلان، 2013، 71 )

لەوێنە کێشانی ئەو ڕووداو و گۆڕانانەی بەسەر زەویدا دێن لە وەرزەکانی ساڵدا ئەوە دەخاتەڕوو کە هەتا ڕووداوێک لە ساتێکدا ڕوونەدا ڕووداوێکی تر پەلکێشی دوای خۆی ناکات و لە کۆتایشدا جوانی بەهارو سروشتەکەی سەرچاوەی لەو هەموو ڕووداو کێشمەکێشمەی سروشتەوە دێت وەک دەڵێ:

تا پاییز تارای زەردی نەپۆشێ

زستان وەیشوومەی سەختی نەجۆشێ

وشک نەبێ پووشی دەشت و چیا و چۆڵ

نەیگرێ بەفر لووتکە و شێو و دۆڵ

لافاو و باران نەیماڵێ زەوی

بای دەشتیش نەیبا پەرژینی قەوی

لرقە و چۆقەی دان نەگاتە ئاسمان

پەپوو نەخوێنێ لە پۆپی داران

چۆن ڕۆژی بەهار ئەدا گزنگی؟... (دیوانی دیلان، 2013، 71 )

## تەوەرەی سێیەم: ڕەگەزی ڕووداو لە شیعردا

یەکێکیتر لە حاڵەتە دیارەکانی نوێبوونەوەی شیعری لەو قۆناغەدا بریتی بوو لە مەزراندنی و بەرجەستەکردنی ڕەگەزو توخمە هونەرییەکانی دراما لە نێو دەقی شیعری و نووسینی شیعری درامی و تێکستی شیعری بۆ دراما، جا لە ناوەرۆکە خودی و هەستی و بیریەکەی، یاخود لە بنچینە هونەرییەکەی، واتە بە تێکەڵبوونی ڕەگەزەکانی دراما بە شیعر، یان بە سەرهەڵدانی فۆرمی نوێ درامای گۆرانی ئامێز (شانۆی گۆرانی)، کە زیاتر جەخت لەسەر جوڵەو سەماو گۆرانی دەکاتەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی شیعری درامایی (ئۆپێرا و ئۆپەرێت)، هەموو ئەمانە لە دەرئەنجامی سروشتی ڕوانینی شیعری لە شیعری نوێ لە لایەک و لە جۆراوجۆرییەتی ئەو توخمە هونەریانەی کە شاعیر بەکاریان دەهێنێ بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕوانینە و لە شیوازی بەکارهینانەکەشی لە لایەکی ترەوە، لێرەدا ئێمە جەخت لە ڕەگەزی ڕووداو دەکەینەوەو دەرخەری ئەو ڕاستییەش دەبین کە ئەم ڕەگەزە ڕۆڵی پێویستی گێڕاوە لە نوێبوونەوەی شیعریدا.

ڕووداو لای ئەرستۆ دووبەش یان بڵێین دوو جۆرە «ڕووداوی سادەو ڕووداوی ئاڵۆز»(حەمودە، ٢٠١٦، ٨٤) لە هەردوو جۆرەکەیدا ئەوەی بارە درامییەکە دەخولقێنێ ململانێی نێو ڕووداوەکانە، وەگەر نا ئەگەر دەقنووس بە شێوەی سادەو بێ پلان ڕووداوەکان بە دوای یەکدا بهێنێت و مەبەستی نەبێت بارێکی هەڵچوون و ململانێ دروستبکات، ئەوا هەر لەسەرەتاوە دەقەکە حاڵەتی درامابوونی خۆی ون دەکات، یەکێک لە وەزیفە گرنگەکانی ڕەگەزی ڕووداو دەرخستنی لایەنی گرژی و ململانێکانی نێو ژیانی مرۆڤەکانە، کە لە ئەنجامیشدا بزوێنەری سەرەکی ڕووداوەکان ئەو ململانێیەیە، کە لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ لەلایەک و مرۆڤ و دەوروبەرو ژینگەکەیدا هەیە. کەواتە ڕووداویش سەرەتا وەک سێبەرێکی گشتی بۆ سەرهەڵدانی ململانێکان دێتە حساب. بۆیە ڕووداوی سەرەتایی، ئەو کردەوانە لە خۆ دەگرێت کە دژوارییەک لە هەناویدا هەیە و بەرەو ئەوە دەڕوات زنجیرە ڕووداوێکی تر بەرهەم بهێنێت، کە هەموویان پەیوەندییەکی پتەوی تێکئاڵاویان بەیەکەوە هەیەو خزمەتی ڕووداوە سەرەکییەکەی ناو دەقەکە دەکەن، هەربۆیە زنجیرەیەک ڕووداوی دوای ڕووداوی سەرەتایی، دەقی ئەدەبی و هونەری بەرەو لوتکە بەڕێوەدەبات، قۆناغێک هەیە لە ڕووداودا ناوزەد دەکرێت بە لووتکە، کە خاڵی وەرچەرخانە، کاتێک ڕووداوەکان دەتوانن بە هەر شێوەیەک بڕۆن تا کاتی ئەوە دێت زنجیرە ڕووداوەکانی دوا لوتکە سەرهەڵبدەن، کەواتە ئەوەی هەیە لە بارەی ڕووداوەکانەوە بریتین لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی، ئەم ڕەگەزە بەلای حسەین عارفەوە «بریتییە لە زنجیرەیەک کارەسات کەدوای کەڵەکەبوونیان لەسەر یەکتر لە شێوەی تەقینەوەیەکدا ڕووداوەکە پێک دەهێنن»(عارف، ٢٠١١، ٢٧٠).

هەر بابەتێکی شیعری لە ڕووی تایبەتمەندییەوە خاوەنی بیرۆکە و ئامانجی و شێوازی ڕێکخراو و چنینی خۆیەتی ، جا شاعیر شیعری لیریکی بنووسێت بۆ وروژاندنی هەستەکان، یا شیعری داستانی بۆ گێڕانەوە و خستەڕووی ڕووداوگەلێک بە شێوەی چیرۆکێکی شیعری درێژ یان شیعری درامی بۆ دەربڕینی دیدگای کارەکتەرێک لە مەڕ تەواوی لایەنەکانی ژیان، ئەوە ڕێگەیەکی نایاب و سەرنجڕاکێشە بۆ بەکارهێنانی وشەی نووسراو. کەواتە لە کۆی ژانرەکانی شیعردا، شیعر دەربازبوونە لە ساتەوەختە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانە. شیعر یەکێکە لە باشترین فۆرمەکان

بۆ دەربڕین و دەرخستنی هەستی خۆبەخۆی شاعیر یان ئەو بابەتەی لە بارەیەوە دەدوێ، یان ئەو ڕووداوانەی کاریان لێدەکات و دەیکاتە شیعر. بۆ ئەمە بەپێی ئەو بابەتەی لە بارەیەوە هەستەکان دەردەبڕێت وشەی گونجاو دەدۆزێتەوە، وێنەی شیعری بەرز دەخولقێێت تا شیعرێک لەدایکدەبێت. شیعرێک سەرچاوەی لەو هەستانە وەردەگرێت، کە لە ئارامیدا وەبیردەهێنرێتەوە و بە وشە دەردەکەون، بۆیە جۆرەکانی شیعر هاتوونەتە ئاراوە، هەر بەم ناوەڕۆکەش جۆرێکیان لەوانی تر جیا دەکرێنەوە (شیعری لیریک، شیعری درامی، شیعری داستانی، شیعری فێرکردن...).

بێگومان ئەو ڕووداوانەی لای شاعیران هەوێنی لەدایکبوونی دەق شیعری بوون، ڕووداو گەلی جۆراوجۆرن، کە دەشێ پۆلێنبکرین و نموونەیان بۆ بهێنرێتەوە،

## ١-ڕووداوی سروشتی

ڕووداوی سروشتی زۆرجار لە دەرەوەی تواناو دەسەڵاتەکانی مرۆڤن و پەیوەندی فراوانیان بە بارودۆخی ژینگەیی، گۆڕانی سروشت و ئاو هەواو وەرزەکانی ساڵ و گەرماو سەرمایی چینەکانی زەوی (لافاو، بورکان، ئاگرکەوتنەوە، بارانی لێزەمەو بەفرو سەهۆڵبەندان و سەرماو سۆڵە...)هەیە. شاعیر وەك هەر مرۆڤێکی تر لەگەڵ سروشت پەیوەندییەکی بەتینی هەیە، بەڵام هەستناسکی شاعیر و هەڵچوونەکانی ئەم پەیوەندییە بەهێزو پێزتر دەکات، کەم شاعیر هەیە شیعری بۆ سروشت و دیمەنەکانی نەنوسیبێت. پیرەمێردی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی چەندین شیعری وەسفی بۆ جوانی سروشت نووسیوە، وێنەی شیعری جوانی تیداخولقاندوون

پیرەمێرد لە ڕۆژێکی نیسانی ساڵی ١٩٣٢بەیانی کە لەخەو هەستاوە، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە ڕوانیویەتی بەفر دارو بەردی سپی پۆشکردووە، ئەویش بۆ ئەو ڕووداوە بە کوردییەکی ڕەوان وەسفی جوانی ئەو سروشتە دەکات و سلیمانی ئەچوێنی بە بەڵقیس لە جوانی و ڕازاوەیدا و دەقەکەشی ناوناوە (کوردی ڕەوان)

سبەینێ بوو، لە خەو هەستام کە ڕوانیم بەفرە باریوە
سلێمانی ئەڵێی بەلقیسە، تارای زیوی پۆشیوە
دەمێک بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم، مژدە بێ! باری
سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕەتۆپەڵمە بۆ یاری!
لە بیرمە شیرە بەفرینەم ئەکرد، سواری ئەبووم بێ زین
نسێ بوو جێگەکەی ئەیبەست، ئەما تاکو دەمی هاوین
بە بەرگی سپیەوە چەند شۆخە شاخی گوێژە بیبینە
لە ڕەنگی ئاسمان دولبەرترە، ئەو سپیە، ئەم شینە
ئەڵێن بەرگی فریشتەی ئاسمانیش سپیە وەک بەفرە
فریشتەی ئێمە باڵایە، بەڵام ئاخ بۆچ ئەخوێن تەفرە؟!.... (دیوانی پیرەمێرد، ١٩٧٠، ١٣٥)

## ٢-ڕووداوی سیاسی

ئەورەحمان بەگی بابان (١٨٨٠- ١٩٦٧) یەکێکە لە شاعیرانی نوێخوازی کوردی و بەکاریگەربوون بە ئەدەبی تورکی (لاسایکردنەوەی ئەدەبی عوسمانی) لە بواری نوێبوونەوەی شیعری کوردیدا شانبەشانی پیرەمێرد، شێخ نووری شێخ ساڵح، گۆران، ڕەشید نەجیب و عبدالواحید نووری، بەشداری لە نوێکردنەوەی شیعری ئەو قۆناغەدا کردووە. یەکێکە لەو شاعیرانەی هاوسۆزبووە بۆ بابەتە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی تەواویان لە شیعرەکانیدا هەیە «سەردەمی ژیانی ئەو لە ڕووی سیاسییەوە گەرمبوو، ڕووداو زۆربوو»(خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٠٧)، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوابووە، کوردپەروەرێکی دڵسۆزبووە، ئەو

ڕووداوانەی دووچاری کورد هاتوون کاریگەربووە پێیانەوەو هەمیشە سەرنجی تایبەتی هەبووە لەبارەیانەوەو بۆ هەندێکیان شیعری نووسیوە «لە ڕۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٨ دا، مێجەر نوئیل بە سەرۆکایەتی چل سوار عەسکەری هیندۆکەوە هاتە سلێمانی، شێخ مەحموود نامەی تایبەتی بۆ نووسیبوو، کە بە هۆی عەبدوڵلا ئاغای حاجی سەعید و فایەق توفیقەوە بۆی ناردبوو»(خەزنەدار، 2010، 117) هاتن. ئەم هۆنراوەیەی لەو ڕۆژەدا نووسیوە.

سەد درێغ دەوری ئەسیریی قەومی کورد نەبڕایەوە

تاکوو ئێستا ئەم گرێیە هەر بە کەس نەکرایەوە

میللەتی گەورە و بچووک گشتی بە سەربەستی ئەژی

میللەتی کورد هەر لەژێر بارا بە دیلی مایەوە

تاکوو ئێستا هەر دراوسێ بوون عەدوی خاکی وەتەن

سەیری نەگبەت کەن کە ئینگلیز، هاتە کۆڕ و کایەوە... (ئەورەحمان بەگی بابان،٢٠١٧، ٥٦)

بەردەوام دەبێت لە باسی خراپی و دووڕوویی ئینگلیز، تا دەگاتە خستنەڕووی وێنەی تراژیدی کە کورد هەمیشە بەهۆی دوژمنەکانییەوە تووشی چەندین چەرمەسەری هاتووە، ئینگلیزی بە پیلانگێڕە سەرەکییەکە دادەنێت، کە لەبەردەم دۆزی کورددا پاشقوڵ لێدەربووە.

مادە چواردەی مەنهەجی ویلسۆنی پێش خۆی خست و هات

ماددەکە بۆ قەومی کورد دیلی ئەبەد خوێنرایەوە

هەرچی قەومێ کەوتە ڕێ بۆ سەربەخۆیی سەرکەوێ

سیاسەتی ئینگلیزبە دوو پاشقول لە ڕێ گیرایەوە

بابە! ئینگلیز هاتە ناو، ئوممێدی سەربەستی نەما

ڕەحمی یەزدانی نەبێ ئەمرین هەموو بەم غایەوە (ئەورەحمان بەگی بابان،٢٠١٧، ٥٧)

## ٣- ڕووداوی مێژوویی

دیارە بەشێکی گەورەی تۆمارە مێژووییەکان پێکهاتوون لە تۆماری ڕووداو و کارەسات و دیمەنی تراژیدیای بە هۆی جەنگ و شەڕو پێکدادان دووچاری خەڵک و گەلان هاتوون، شاعیرانیش وەک تاک و کارەکتەرێکی هەست ناسکی ناو ئەو ڕووداوانە، گوزارشتەکانی خۆیان لەڕێگەی زمانی شیعرییەوە دەربڕیوە، ئێشوئازارو دەردو مەینەتی گەلی کوردیان بەشیعر هۆنیوەتەوەو هاوبەشی و هاوغەمی خۆیان تۆمارکردووە، شیعریان وا بارهێناوە کە لەگەڵ ڕووداوەکاندا پێ بەپێ هەنگاو بهاوێت. شاعیرانی کورد جیا لەو ڕووداوانەی دوچاری خەڵکی خۆیان دەبوو، لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە فرمێسکیان بۆ ئازاری گەلانی تر ڕشتووە، لەم بارەیەوە.

دیلانی شاعیر یەکێکە لە شاعیرانی کورد، کە بە زمانێکی پاراو و گوزارشتی پڕ سۆزو هەستێکی مرۆڤدۆستانە، شیعرێکی بۆ جەزائیر نووسیوە، پڕ لە دیمەنی درامی ناخ هەژێن و لە کۆتایی چامەکەدا بارو ژیانی جەزائیر دەچوێنێت بەو حاڵەی کوردی تێدایە.

جەزائر

با ڕەهێڵەی دەسڕێژی تیژ

گوللەباران

بیوەرێنێ

گەڵای تەمەنی لاو و کیژ

دوای بۆردومان

کە سووتا درەخت و گیا

دەشت و چیا!

کە بوو بە کۆمەڵێ ئاگر

یا بوو بە کۆمەڵێ پشکۆ (دیوانی دیلان، ٢٠١٣، ٢٢٦)

لە کۆتای دەقەکەدا بە هەستێکی مرۆڤانە، دڵدانەوەیەک بۆ جەزائیر دەکات و ڕووداوەکانی جەزائیر دەچووێنێت بەو کارەسات و تراژیدیایانەی بەسەر کورددا هاتووە

ئەی گەلی جەزائری جیڕ

منیش وەک تۆ

لە (سەلماس) و (چهریە) و (خۆ)

یا خۆ لە (وان)

لە (باشقڵە) و دەشتی (بۆتان)

لە (ئاگری داغ) یا لە (دەرسیم)

دوژمن، تێر خوێناوی مژیم (دیوانی دیلان، ٢٠١٣، ٢٢٦)

٤- ڕووداوی کۆمەڵایەتی

لەناو کورددا، ئەوەی ڕەنگدانەوەی هەیە لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هەرتاکێکدا و بۆتە بەشێک لە کلتوور، پەیوەندی بەهێزی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیان و بارو گوزەرانی خەڵکییە، شاعیرانیش لە مەیدانی کاری خۆیاندا بەشیعر هاوبەشی خۆشی و ناخۆشی میللەتەکەی خۆیان کردووە، بۆ ڕووداوە ناخۆشەکان شیعریان هۆنیوەتەو ماتەمیان گێڕاوە بۆ ڕووداوە خۆشەکانیش هەستو سۆزی پڕ خۆشیان دەربڕیوە. یەکێک لەو بابەتانەی شاعیران خۆیان لێداوە نووسینی شیعر بووە بۆ کۆچی کەسایەتی ناودارو هاوڕێ و هاوخەبات و ئازیزانیان. سەلامی شاعیر (١٨٩٢- ١٩٥٩) لەو شاعیرانەیە لەم بوارەدا چەندین دەقی شیعری نووسیوە، یەکێک لەو دەقە شیعرییە ماتەمنامەیەکە بۆ مردنی کوڕە تاقانەکەی بەناوی نەوشیروان لە ساڵی ١٩٣٩ز نووسیوە.

جەرگ هەڵئەقرچێ دڵ پڕ لەناڵین جەرگم براوە

چۆن ئۆقرە ئەگرێ سەر لەسەر سەرین مێشکم پژاوە

بۆ دوایی نەهات فرمێسکی چاوم هەتا بو بە خوێن

پەترۆکەی نەبەست جەرگی براوم تۆ بێ سەروشوێن ... (دیوانی سەلام، ١٩٩١، ٢١٩)

مەحمود جەودەت تێکۆشەرێکی کوردبوو بۆ مردنی ئەو بەشێک لەشاعیران بە شیعر شیوەنیان بۆ کردووەو باسی قارەمانی و تێکۆشانەکانیان کردووە، گۆرانی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی بە ناونیشانی (لاوانەوەی سەرەڕێ) سەرباری شیوەنی بۆ مەحموود جەودەت شتایشی مەردی و ئازایی و کوردپەروەرییەکەی دەکات.

ئەو مەحموود جەودەتەی سروشتی خاکی بوو

سەر تا پای کردەوەی پاکی بوو، چاکی بوو،

ئەو کوردە، ئەو مەردە، ئەو ڕۆڵەی هەڵکەوتە،

ئەو زانا و ئەدیبە، ئەو مەحموود جەودەتە! (دیوانی گۆران، 1393، 96)

ئەورەحمان بەگی بابان، شاعیری نیشتمانپەروەرو پیاوێکی کۆمەڵایەتی، لە دەقێکی شیعریدا وێنەیەکی درامیمان بۆ دەکێشێت دەربارەی زۆرداری و دڵڕەقی خاوەن زەوییەك بەرامبەر ڕەنجبەرێکی ڕووتی هەژار، کە لەڕاستیدا ڕووداوێکی واقیعییە وەك خۆی دەڵێت:«ئەم هۆنراوە بۆ وەسفی زەویدارێکی زۆردار و زاڵم نووسراوە کە هیچ درۆ و هەڵبەستی تیا نییە »(گەلاڵەیی، 2017، 31).

لەسەرەتای پارچە شیعرەکەیەوە بەمجۆرە وێنەی ژیانی ڕەنجبەرەکە دەکێشێت

ئاغە ملکی تۆ ئەکێڵم بەندە و مسکێنی تۆم

ڕۆژی سەغڵەت نۆکەری خەنجەر وەشێنی شوێنی تۆم

شیر و ماستی ڕۆژ بە ڕۆژ و گیسک و کاوڕ هێنی تۆم

هەر ڕقی هەڵسا بە دایک و باوکەوە پڕ جوێنی تۆم

لە کۆتایدا بۆئەوەی دەربازی ببێت لە چەوسانەوەو نوکەری هەرچی هەبووە داویەتی بە ئاغای دڵڕەق

گایێکم مابوو فرۆتم دام بە ئاغا پارەکەی

ڕستگارم بوو لە زنجیر و فەلاقە و دارەکەی

یا مریشک و هێلکە بردن بۆ کوڕی سەرکارەکەی

ڕەبی مەحوی کەیتەوە خۆی و زەوی و ئاوبارەکەی! (ئەورەحمان بەگی بابان،٢٠١٧، ٣١)

ئەمەو چەندین دەقی ترمان هەن کە بەڵگەن لەسەر ڕۆڵی ڕووداو وەك ڕەگەزی درامی لە شیعری کوردیدا، ئەم بارە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە ژیانی مرۆڤەکان پڕیەتی لە ڕووداو و شاعیریش مرۆڤێکە ناتوانێت هاوسۆز نەبێت لەگەڵ بارودۆخی ژیانی خەڵکی، بۆیە ئەمە وادەکات لە سنعەتی شیعردا کەرەستەی بەکارهاتوو بە جۆرێکی ڕەنگپێدەرەوەی هەمە لایەنەی ژیان بێت.

## ئەنجام:

-ڕەگەزی ڕووداو لە بنچینەدا ڕەگەزێكی درامایەو بەشێوەیەكی بەرچاو ڕۆڵی هەیە لە چنینی دەق شیعریدا، نموونەی شیعری زۆرمان هەیە بە كاریگەری ئەم ڕەگەزە بەرهەمهاتوون.

-شیعری نوێی كوردی كۆمەڵێك هەنگاوی گەورە بوو بۆ دەربازكردنی شیعر لە قۆناغی كلاسیك لە ڕووی زمانی شیعری و ناوەڕۆكی شیعرەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا بەكارهێنانی ڕەگەزەكانی دراما ڕۆڵی هەبوو لە گۆڕانكاری ئەو قۆناغەدا، ڕەگەزی ڕووداو بەنموونە.

-ڕووداو بەشێكی گرنگە لە ژیانی مرۆڤەكان، مێژوو مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینەی تایبەتدا دەكاو داتاكان، سات، كات و شوێن لەبەرچاودەگرێت، بەڵام .شیعر تێكەڵی دەكات لەگەڵ هەست و سۆزو هەڵچوونی شاعیر، بەواتایەكی تر شیعر مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینەیەكی گشتیدا دەكات.

-ڕەگەزی ڕووداو ڕۆڵی لە گەشەسەندن و نوێبوونەوەی شیعری كوردیدا، بەرچاوەو شاعیران بە مەزراندنی ڕووداوە(كۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی...)یەكان توانیویانە چوارچێوەی ئەركی شیعر فراوان بكەن.

## لیستی سەرچاوەكان:


- ئەرستۆ، ٢٠١١، هونەری شیعر (شیعر ناسی)، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

- ئیبراهیم، ڕەمەزان، ٢٠٠٩, ڕەوتی شانۆی كوردی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا، گ. ڕامان، ژ (١٤٤)، ٢٠٠٩/٥/٥، سلێمانی.

- ابراهيم، محمد حمدى (د)، ١٩٩٤، نظرية الدراما الاغريقية، ط١، القاهرة، دار نوبار للطباعة.

- بەرزنجی، عەبدوڵلا تاهیر، ٢٠١٤، شیعری كوردی و سەدەیەك بەهەڵەبەكارهێنانی ناونیشانەكانی نوێگەری، ڕۆژنامەی چاودێر(ڕەخنەیچاودێر) ژمارە(٣٩٨)) ٢٠١٤/٢/٢٤.

- بیمار، عبدالرزاق، ١٩٧٠، دانیشتنێك لەگەڵ گۆراندا، گۆڤاری بەیان ژمارە ٢ی شوباتی ١٩٧٠، بەغداد.

- حەمودە، عبدالعزیز (د)،٢٠١٦، ڕۆنانی درامایی، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

- حوسێن، هیمداد (پ)، ٢٠٢٠، ئەدەبی نوێی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.

- حوسێن، هیمداد (د)، سەنگەر نازم، ٢٠٢٠، فەلسەفەی ئەدەب، چاپی یەكەم، هەولێر، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.

- حوسێن، هیمداد (د)، سەنگەر نازم، ٢٠٢٠، ئەدەبی جیهانی، چاپی یەكەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە.

- خەزنەدار، مارف (د)، ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

- خەزنەدار، مارف (د)، ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی شەشەم، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

- دبليودوسن، س. ١٩٨١، الدراما والدرامى، ترجمة د. عبد الواحد لوءلوءة، دار الرشيد للنشر، بغداد.

- الرحمانی، أحمد، ٢٠٢١، تیۆرەكانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراكتیزەكردنیان، وەرگێڕانی سەردار گەردی (پ.د)، چاپی یەكەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.

- رشدى، رشاد (د)، ٢٠٠٠، نظرية الدراما من ارسطو الى الآن، ط١ مصرية، هلا للنشر و التوزيع/ عربية للطباعة و النشر.

- ڕەسول، شوكریە، ١٩٨٩، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، چاپی یەكەم, مطابع تعليم العالى , اربيل.

- عارف، حسەین، ٢٠١١، نووسینەكانم لە بواری ڕەخنەو لێكۆڵینەوەدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- العلوى، محمد احمد بن طباطبا، ٢٠٠٥، عيار الشعر، شرح وتحقيق، عباس عبد الساتر، ط٢ بيروت، دار الكتب العلمية، لبنان

- عوسمان (خاڵە دێوە)، ڕێزان، ٢٠١٠، بنیاتی جۆرەكانی ڕووداو لەڕۆمانی كوردی كوردستانی باشوور ساڵی (١٩٨٥-١٩٩٠)، چاپی یەكەم، ئەكادیمیایی كوردی، هەولێر.

- عوسمان، هەرێم، ٢٠٠٩، تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەلاحدا، گۆڤاری هەنار، ژمارە ٤٤ سێبتەمبەری ٢٠٠٩

- عەبدوڵڵا، پەروین، ٢٠٠٨، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خوارو١٩٨٠- ڕاپەڕین)، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

- عەولا، عەبدوڵڵا ڕەحمان، ٢٠١١، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (باشوری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١)، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

- کاکەی فەلاح، حەمە حەمەئەمین قادر، ١٣٩٩، سنە، دەزگای بڵاوکردنەوەی کوردستان.

- کەساس، محەمەد، ١٩٩٩، لە ئەدەبی گەلانەوە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی ئۆفیسی ژیار.

- محمد، عبدالرزاق، ١٩٦١، شانۆی کوردستان، چاپخانەی صلاح الدین، بەغداد.

- موفتی، پەری ساڵح، ٢٠١٢، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد مەحمەد ئیسماعیلدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- Abrams, M.H. and Harpham, Geoffrey Galt, 2013, A Glossary of Literary Terms, Eleventh Edition, Gengage Learning.

**دیوانەکان:**

- ئاگرین، عەبدوڵڵا(د)، ٢٠١٣، دیوانی محمد ساڵح دیلان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

- عبدالواحد، ئازاد، ١٩٨٩، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەشی دووەم، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد.

- قەفتان، مەریوان، ٢٠١٩، ئەخۆل لەنێوان ئەدەب و هونەردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

- کاکە ڕەش، ئومێد، ١٩٩١، دیوانی سەلام، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەدیب، سلێمانی.

- مەلا کەریم، محەمەد، ١٣٩٣، دیوانی گۆران، چاپی پێنجەم، چاپخانەی دالاهۆ، تهران.

- هاوار، محمد رەسول ١٩٧٠، دیوانی پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی العانی، بەغداد.

- گەلاڵەیی، مەلا مەحمود، ٢٠١٧، بەشێك لە دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان، چاپی دووەم، هەولێر.